**کولێژی ئاداب**

**بەشی راگەیاندن**

**قۆناغی دووەم- بەیانیان و ئێواران**

**وانەی:**

## پروپاگەندە و جەنگی دەروونی

**٢٠٢٣-٢٠٢٢**

لەوەتەی مرۆڤایەتی ئاشنای جەنگەکان بووە، داشۆرینی دوژمن لە رۆحی مەعنەوی و ئیرادەی شەڕکردن ئامانجی هەموو ململانێیەک بووە، هەروەها بە کورتترین رێگە دادەنرا بۆ ئەوەی تووشی شکستی بکات و ئیرادەی بەسەردا بسەپێنێت. ئەمەش لە سەردەمی ئێستاماندا بە (جەنگی دەروونی) ناوی دەبەین، کە لە هەردوو جەنگی جیهانیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، تا ئاستێک کە چارەنووسی هەندێ شەڕی دیاری دەکرد.

ئەمڕۆ جەنگی دەروونی بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کاری سیاسی و سەربازی لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو دادەنرێت و، قەبارەی بڵاوبوونەکەشی لە واقیعدا بۆ ئەو ئەو پێشکەوتنە گەورەیە دەگەڕێتەوە کە زانستە دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وەدەستیان هێناوە، لە زانینی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لە رەفتاری مرۆیی دەکەن، جا مرۆڤەکە بە تەنیا بێت یان لەچوارچێوەی گرووپێکدا بێت. جەنگی دەروونیش لە ئامرازەکانی راگەیاندن و پێشکەوتنەکەی و، بوونی کەناڵە ئاسمانییەکان و بڵاوبوونەوەکەی، شوێنی باش و ژینگەی گونجاوی پەیدا کرد، بۆ ئەوەی درێژە بە تەوژمی هێرشەکەی بدات و، رەوشی دەروونی کۆمەڵگە لەق بکات.

### پێناسە جەنگی دەروونی:

جەنگی دەروونی، جەنگێکی تایبەت و ئاراستەکراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بنیادی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئامراز و بنەما تیۆرییەکانی دەروونناسی، بە مەبەستی تێکدان و ڕووخاندنی هێزی بەرگریی ناوخۆیی و نەهێشتنی یەکانگیریی نیشتمانی.

